# نەبوونی مافی جیابوونەوەو سەربەخۆیی

بەدرێژایی سەدەی نۆزدەو سەرەتاکانی سەدەی بیستەم ئەو نێوەرۆکەی بە ئەسڵی دیاریکردنی چارەنووسی گەلان بەخشرابوو و ئەو چەشنە جێبەجێ کردنە کە لەو ئەسڵە کرابوو، ئەویان کردبووە خاوەنی مەنتیق و دینامیکێکی چالاك و زیندوو. واتە لەو سەردەمەدا کە هێشتا ئەو ئەسڵە شێوەی حوقووقیی بەخۆوە نەگرتبوو و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی نەگەیشتبووە قۆناغی سەقامگیریی ئەمڕۆی، مافی دیاریکردنی چارەنووس موژدەی ئەوەی دەدا کە گەلان دەتوانن بە ئازادی لەسەر داهاتووی سیاسیی خۆیان بڕیار بدەن و ئەگەر ویستیان دەکرێ پێداچوونەوەش (تجدید نظر) لە بڕیارەکەیان دا بکەن. بەو مانایە کە هەرکاتێك ئەوان مەرجە خۆییو بابەتی (ذاتی و موضوعی)یەکانی گەل بوونیان پڕ کردەوەو پێوەندییەکانیان لەگەڵ دەسەڵاتی حاکم هاوئاهەنگ نەبوو، دەتوانن قەوارەی سیاسیی دڵخوازی خۆیان سەرلەنوێ دارێژنەوە. ئەو بۆچوونە دەبووە هۆی ئیمکانی بەجێگەیاندنی چەند جارەکی و تەنانەت بێکۆتایی مافی دیاریکردنی چارەنووس و بەم جۆرە مەوجوودییەتی دەوڵەتانی حازر دەکەوتە مەترسییەکی هەمیشەییەوە. هەربۆیە لەگەڵ پێشکەوتن و گەشەکردنی بەرچاوی یاسای نێونەتەوەیی بەتایبەتی لەنیوەی دووهەمی سەدەی بیستەم دا، ئەسڵە پارێزەرەکانی مەوجوودییەتی دەوڵەتان (سەروەری، تەواوەتیی ئەرزی، نەبوونی مافی دەستێوەردان و هتد) پتەوتر و زەقتر کرانەوەو مافی گەلانیش بەجۆرێك پێناسەو شی کرایەوە کە دیاریکردنی چارەنووس بەتایبەتی لە شکڵی سەربەخۆییدا تەنیا بە مافی گەلانی ئیستیعمارکراو بزانرێ. (پێویستە بگوترێ کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەو مافەی هەروەها بۆ گەلانی قوربانیی تەبعیزی نەژادی لە ئەفریقای جنووبیو گەلی فەلەستین کە خاکەکەی بە داگیرکراو لەقەڵەم درا بەڕەسمی ناسی). پاشانیش کاتێك ئەو گەلانە دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان پێك هێنا، مافی گەلان لە مافەکانی دەوڵەتان دا توایەوەو بۆ پتەو کردن و پاراستنی قەوارەی دەوڵەتان بەکار برا. ئیدی بەم جۆرە کەسایەتیی نێونەتەوەیی گەلان سڕدرایەوەو دەوڵەت بە ئاوێنەو نوێنگەی گەل ژمێردرا.

ئەمڕۆ لەکاتێك دا بزووتنەوەی ڕزگاری لە ئیستیعماری سوننەتی کۆتایی هاتوەو دوای ئەوە کە ڕووداوەکانی پاش لەبەریەك هەڵوەشانی فیدراسیۆنەکانی ئورووپای ڕۆژهەڵات نیشانیان دا کە ژیانەوەو دەست پێکردنەوە لە سروشتی مافی گەلان دان، ئەو پرسیارە دێتەپێش کە ئایا مافی گەلان چ میراتێکی بۆ کەمایەتییە میللییەکان بەجێ هێشتوەو ئایا ئەوانیش مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیانیان هەیە؟ وڵامدانەوە بەم پرسیارە لە هەمان کات دا وڵامدانەوەیە بە مەسەلەی مافی جیابوونەوە لە یاسای نێونەتەوەییدا.

وەختی خۆی لێنینیسم باسی ئەوەی کردبوو کە جگە لە موستەعمەرە سوننەتییەکان زۆر گەلی دیکە لە دنیادا هەن کە دەکرێ بە ئیستیعمارکراو لەقەڵەم بدرێن و پێویستە مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیانیان پێبدرێ. ئەو مافناسانەی پێشنیار دەکەن کە مافی چارەنووسی کەمایەتییەکان بەڕەسمی بناسرێ هیچ بیانوو و پاساوێك بۆ تەبعیز لەنێوان گەلە موستەعمەرەکان و گەلانی دیکەدا ناهێڵنەوەو پشت بەوە دەبەستن کە ئەو مەتنە حوقووقییانەی مافی چارەنووسیان تێدا ڕاگەیاندراوە باسی "هەموو گەلان" دەکەن. ئەوە کە فۆرمولە بەکارهاتووەکانی نێو ئەو نووسراوانە گشتین و زۆر گوێ نادەنە ئەوە کە دیاری بکەن کە مەبەست لە "گەلان" کێیە، ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە. بەڵام ئێمە کاتێك مەتنێکی یاسایی دەخوێنینەوە نابێ تەنیا سەیری شێوازی نووسینەکەی بکەین و پێویستە هەروەها هەلومەرجی پەسند کردنیو هەڵوێستی ڕاستەقینەی ئەو لایەنانەی پەسندیان کردوە وەبەرچاو بگرین. بۆ نموونە ئەگەر دەبینین کە مەنشووری نەتەوە یەکگرتووەکان مافی دیاریکردنی چارەنووسی هەموو گەلان بەڕەسمی دەناسێ، دەبێ بشزانین کە لە لایەك ڕۆژئاواییەکان بەو مەرجە ڕاگەیاندنی ئەو ئەسڵە لەنێو مەنشوورەکەیان دا قبووڵ کرد کە مانای مافی جیابوونەوەی نەبێ و لە لایەکی دیکەشەوە ماددەی یەکەم کە ئەو ئەسڵەی تێدا دانراوە دەبێ لە پێوەندی لەگەڵ هەموو ماددەو فەسڵەکانی دیکەدا تەفسیر بکرێتەوە کە لەنێو وان دا فەسڵەکانی ١١و١٤ لەبارەی "سەرزەمینە ناسەربەستەکان" (واتە موستەعمەرەکان) دا هەن. بەم چەشنە بۆمان دەردەکەوێ کە نێوەرۆکی ئەو بەشانە لە مەنشووری نەتەوە یەکگرتووەکان کەوتۆتە ژێر کاردانەوە (تأثیر)ی کەشی سەرەتای بزووتنەوەی ڕزگاری لە ئیستیعمار. جگە لەوەش ماددەی دووهەم لە هەمان مەنشوور ئەسڵی تەواوەتیی ئەرزیو یەکیەتیی سیاسیی دەوڵەتان ڕادەگەیەنێو هەرچەشنە کردەوەیەك بەدژی ئەو ئامانجانە قەدەغە دەکا.

لەنێو ئەو تێکستانەدا کە بۆ پێشنیاری بەرین کردنەوەی کۆڕی خاوەنەکانی مافی دیاریکردنی چارەنووس بەکار هاتوون، بڕیارنامەکانی کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکانیش هەن کە دەکرێ بە نوێنگەی نەریتی نێونەتەوەیی دابنرێن. بۆنموونە بڕیارنامەی ١٥١٤ کە لە ساڵی

١٩٦٠ دا پەسند کرا، ئەویش باسی مافی چارەی خۆنووسینی هەموو گەلان دەکا. ڕاستی‌یەکەی ئەوەیە ئەمجارەش مەبەست تەنیا گەلانی ژێر دەستی ئیستیعمار بووەو ئەگەر فۆرمولێکی گشتی بەکار هاتوە تەنیا بۆ ئەوە بووە کە ڕێگا بە دەوڵەتە ئیستیعماری‌یەکان نەدرێ ئیددیعا بکەن کە "هەمووی ئەو سەرزەمینانە موستەعمەرە نین" یان ئەوە کە "میللەتەکانی ئەو سەرزەمینانە حەز ناکەن لێیان جودا ببنەوە".

بڕیارنامەی ٢٦٢٥ لەسەر "ئوسوولی یاسای نێونەتەوەیی لەبارەی پێوەندیی دۆستانەی نێودەوڵەتان دا" (١٩٧٠) وێڕای ڕاگەیاندنەوەی مافی گەلان ڕێوشوێنە نێونەتەوەیی‌یەکانی وەك قەدەغە بوونی بەکارهێنانی زۆر، سەروەریو بەرابەریی دەوڵەتان، ئامانجی تەواوەتیی ئەرزیو نەبوونی مافی دەستێوەردان وەبیر دێنێتەوە، بەڵام لە بڕگەی ٧ی ئەو بڕیارنامەیەدا هاتوە:"بەڕەسمی ناسینی مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلان بە مانای قبووڵ کردن و هاندانی ئەو هەوڵانە نین کە بۆ لەبەریەك هەڵوەشاندنی ئەو دەوڵەتە سەربەخۆیانە دەدرێن کە ئەسڵی بەرابەریی حوقووق و مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلان ڕەعایەت دەکەن و بەم جۆرە حکوومەتەکەیان نوێنەری تەواوی خەڵکی وڵاتەکەیانە بە بێ هیچ جیاوازی دانانێك لەسەر بناغەی ڕەگەز، باوەڕ یا ڕەنگی پێست".

بۆ هەندێ لایەن و سەرچاوە بڕگەی ٧ی بڕیارنامەی ٢٦٢٥ ئەوە دەگەیەنێ کە ئەگەر دەوڵەتێك نوێنەری ڕاستەقینەی تەواوی خەڵکی وڵات بوو و سیاسەتی تەبعیزی بەکار هێنا، ئەو بەش یا بەشانە لە هاووڵاتی‌یان کە لە نیهادەکانی بڕیاردان دا بە شێوەیەکی بەکۆمەڵ بێبەش کراون و دەچەوسێنرێنەوە، مافی دیاریکردنی چارەنوس بە واتای جودابوونەوەیان هەیە. ڕاستی‌یەکەی ئەوەیە کە ئەو کاتە مەبەستی واقیعیی کۆڕی گشتی لەو دەوڵەتانەی نوێنەری تەواوی خەڵکەکەیان نین، دەوڵەتی ئەفریقای جنووبی لە پێوەندی لەگەڵ سیاسەتی جیاوازی دانانی ڕەگەزی و دەوڵەتی ئیسرائیل بەهۆی داگیرکردنی سەرزەمینی فەلەستین بووە. دیارە ساڵی ١٩٩٣ کۆنفرانسی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤیش کە لە وییەن بەسترا، نێوەرۆکی بڕگەی ٧ی بڕیارنامەی ناوبراوی دووپات کردەوەو لەجیاتی "جیاوازی‌دانان لەسەر بناغەی ڕەگەز، باوەڕ یا ڕەنگی پێست" دەستەواژەی "هەرچەشنە جیاوازی دانانێك"ی دانا. بەڵام ئێمە بە زەحمەت دەتوانین بڵێین کە ئەمجارەش دەوڵەتانی جیهان ـ کە بۆخۆیان دەزانن کە زۆربەیان نوێنەری تەواوی خەڵکەکەیان نین ـ مافی جیابوونەوە بۆ بەشێك لە هاونیشتمانانیان بەڕەسمی ناسیبێ.

جیابوونەوە مەسەلەیەکە کە مافی نێونەتەوەیی نە ڕێگای پێدەداو نە بەڕەسمی قەدەغەشی دەکا، بەڵکوو باسی ناکا. ئەو یاسایە بۆ پتەو کردنی ئەسڵە پارێزەرەکانی مەوجوودییەت و مانەوەی دەوڵەتان تێدەکۆشێ، بەڵام ئەگەر بەشێك لە خەڵکی وڵاتێك چ بە ئاشتی چ بە زۆر لە دەوڵەتەکەیان جودا بوونەوەو حاکمییەتێکی فێعلی‌یان لەسەر خاکەکەیان دامەزراند کە دەوڵەتان بەڕەسمیی بناسن، ئەوکاتە مافی نێونەتەوەییش ئەو دەوڵەتە تازە پێکهاتوویە بە سووژەی خۆی قبووڵ دەکا. مێژووی نوێی نێودەوڵەتی زۆرجار شاهیدی ئەو واقیعە بووەو دەتوانین دامەزراندنی دەوڵەتانی وەك بەنگلادیش یا ئێریترەو زۆری دیکە بە نموونە بێنینەوە. بەڵام ئەوە بە مانای بوونی مافی جیابوونەوە بۆ کەمایەتی‌یەکان نیە، چونکە واقیع (فاکت) و حوقووق ئەگەرچی لە یەکتری بێگانە نین، بەڵام دوو شتی جیاوازن.

نەبوونی مافی جیابوونەوە بۆ کەمایەتی‌یەکان لە هێندێك مەتنی دیکەش دا بەدی دەکرێ. بۆنموونە هەردوو ڕاپۆرتی١٩٧٩و١٩٨١ی کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لە لایەن ئاغایان "گرۆس ئێسپێل"و "کریستێسکۆ"وە ئامادە کران، بەو ئەنجامە گەیشتن کە دیاریکردنی چارەنووس تەنیا مافی گەلانە ["گەل" بەو جۆرە کە یاسای نێونەتەوەیی بۆی دەچێ] و کەمایەتی‌یە میللی‌یەکان خاوەنی وەها مافێك نین کە ببێتە هۆی جیابوونەوەو سەربەخۆیی. بەڵام لەو ڕاپۆرتانەدا باسی حاڵەتێکی "استثنائی" کراوە کە لەودا جیابوونەوە تەنیا ڕێگاچارەیەو بریتی‌یە لەو کاتانەی گەل یان کەمایەتی‌یەك نەك هەر مافی بەشداری لە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات و ناوچەی خۆی پێنەدراوە، بەڵکوو کەوتۆتە ژێر ستەم و سەرکوت و بەم جۆرە مەوجوودییەتی بەشێوەیەکی توند و جیددی کەوتۆتە مەترسی‌یەوە. ئەمە زۆر لەو گریمانەیە (فرضیە) نزیکە کە لە بڕیارنامەی ٢٦٢٥ دا دیتمان. گیروگرفتی وەدیهاتن و بەجێگەیاندنی وەها پێشنیارێك ئەوەیە کە هیچ ئۆرگان و نیهادێکی نێونەتەوەیی جارێ سەلاحییەتی ئەوەی نەدراوەتێ کە لەسەر ئەو جۆرە حاڵەتانە بڕیار بدا. لەڕاستی‌دا هەتا ئەمڕۆش مافی نێونەتەوەیی بۆ بەسووژە قبووڵکردنی دەوڵەتێك داوای لێنەکردوە کە نوێنەری ڕاستەقینەی تەواوی خەڵك بێ یان ڕێز بۆ دێموکراسیو پلورالیزم دابنێو هەر بەوەندەی ڕازی بووە کە حاکمییەتی فێعلیو بەرەسمی ناسراوی بەسەر خاك و دانیشتووانی دا هەبێ.

بەڵگەی دیکەی نەبوونی مافی سەربەخۆیی بۆ کەمایەتی‌یەکان لە یاسای نێونەتەوەیی‌دا زۆرن. بۆ وێنە دیوانی بەرزی کانادا بە هەمان ئەنجام گەیشتوەو ڕایگەیاندوە کە "کێبێك" ناتوانێ بە شێوەی یەك لایەنە سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیەنێ. هەروەها تەواوی ئەو ڕێککەوتنانەی

لەسەر مافی کەمایەتی‌یەکان ئیمزا کراون وەك ڕاگەیەندراوی ساڵی ١٩٩٢ی نەتەوە یەکگرتووەکان یان کۆنوانسیۆنە ئورووپایی‌یەکان پێ لەسەر ئەوە دادەگرنەوە کە لەنەزەرگرتنی ماف و پارێزگاری بۆ کەمایەتی‌یەکان نابێ بۆ تێکۆشان بەدژی تەواوەتیی ئەرزیو یەکیەتیی سیاسیی دەوڵەتان کەڵکی لێوەربگیردرێ.

ئەگەر لە واقعییەتی ئەمڕۆی پێکهاتن و بەرەسمی ناسینی دەوڵەتە تازەکانیش ورد بینەوە بەو ئاکامە دەگەین کە ئەگەرچی هەرکاتێك دەوڵەتان بەشێوەی تاك و بەتەنێ هەڵوێستیان گرتوە، هەوڵیان داوە بەپێی قازانجەکانی خۆیان بجووڵێنەوە، بەڵام پێکەوەو بە کۆمەڵ لەو بارەوە تێکۆشاون کە سیاسەتی نێونەتەوەیی لەگەڵ یاسای نێونەتەوەیی زۆر لە جیاوازیو دژایەتی دا نەبێ. جودا لە بزووتنەوەی ڕزگاری لە کۆلۆنیالیزم، هەڵوێستی ڕەزایەتی بەکۆمەڵی دەوڵەتان لە بەرامبەر هەوڵی گەل یان کەمایەتی‌یەك بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی تەنیا ئەو کاتانە بەدی کراوە کە کێشەکە بەشێوەی ئاشتیخوازانە چارەسەر کراوە، یان ئەگەر واش نەبووبێ جیابوونەوەی کەمایەتی‌یەکە کەوتۆتە چوارچێوەی ڕەوتێکی گشتیی لەبەریەك هەڵوەشان (تجزیە). هەوڵی یەك لایەنەو بەتایبەتی چەکدارانەی جیابوونەوە زۆربەی وەخت لەگەڵ دژایەتیی نێودەوڵەتی بەرەوڕوو بووە. بۆ نموونە لە ساڵەکانی شەست دا مەسەلەی جیابوونەوەی "بیافرا" لە نیجێر ئەسڵەن لە دەستووری کاری نەتەوە یەکگرتووەکانیش دانەنرا، تەنانەت ئەو ڕێکخراوە بە شێوەی نیزامییش لەگەڵ هێندێ جودایی‌خوازی وەك "کاتانگا"ی کۆنگۆ بەرەوڕوو بۆتەوە. لەزۆر مەوریدی وەك قیبرس یان کەمایەتی‌یەکانی ئاسیای نێوەڕاستیش دا ئەنجومەنی ئاسایش هەوڵی لەت لەت کردنی شەڕخوازانەی دەوڵەتانی بە توندی مەحکووم کردوە. لەبەرامبەردا چارەسەری ئاشتی‌یانەی کێشەکان کە لایەنەکانی بەگژیەکداچوو پەسندیان کردبێ (بۆنموونە هەڵوەشانەوەی ڕێککەوتن و نیمچە فیدراسیۆنە عەرەبی‌یەکانی نێوەڕاستی سەدەی ٢٠، یان لێك جودابوونەوەی چێکەکان و سلۆواکەکان و لەبەریەك هەڵوەشانی یەکیەتیی سۆڤیەت) یەکسەر بەرەسمی ناسراون.

ڕەوتی لەبەر یەك هەڵوەشانی فیدراسیۆنی کۆمارە سۆسیالیستەکانی یووگوسلاوی وەك تازەترین شەپۆلی بزووتنەوەی گەلان زۆر دەرسی تێدان و دەکرێ بە باری ئەمڕۆی یاسای نێونەتەوەیی لەمەڕ مافی جیابوونەوەو سەربەخۆیی دابنرێ. ئەو ڕەوتە بە ڕاگەیەندرانی یەك لایەنەی سەربەخۆیی لە لایەن کۆمارەکانی کرۆواسی و سلۆوێنی و ماسێدوان و بۆسنی هێرزەگۆوینەوە لە ساڵی ١٩٩١ دەستی پێکردو دژایەتیی سەرسەختی دەوڵەتی بێلگراد لەگەڵ ویستی جیابوونەوەی ئەو کۆمارانە بوو بەهۆی هەڵگیرسانی ئاگری شەڕێکی ماڵوێرانکەرو خوێناویی هەمەلایەنەو ئاڵۆز. لەڕاستی‌دا هەروەك لە شووڕەوی، دەستووری بنچینەیی (قانون اساسی)ی ساڵی ١٩٧٤ی یووگۆسلاوی مافی جیابوونەوەی بەو میللەتانەی کۆماریان هەبوو بەرەسمی ناسیبوو، بەڵام سانترالیزمی کۆمونیستی و نەبوونی دێموکراسی ببوونە هۆی ئەوە کە ئەو ئەسڵە هەر لەسەر کاغەز بمێنێتەوە. پێشێلکرانی مافەکانی مرۆڤایەتی و ئەو ئەنجام و هەڕەشانەی کێشەکە لەسەر ئاشتیی ناوچەییو نێونەتەوەیی هەبوو ڕێکخراوە ئورووپایی‌یەکان و ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانیان ناچار کرد مەسەلەکە لە دەستووری باس و کردەوەیان دابنێن، هەربۆیەش کێشەکە لە حاڵەتی مەسەلەیەکی نێوخۆیی هاتەدەرو وەك کێشەیەکی نێونەتەوەیی چاوی لێکرا. هەڵوێستی یەکیەتیی ئورووپاو ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە قۆناغی یەکەمی ئەو کێشەیەدا بریتی بوو لە لایەنگری‌یەکی هەر نەبێ نەگوتراوو غەیرە ڕەسمی لە ویستی جیابوونەوەی ئەو کۆمارانە. بەڵام بەمانای بەرەسمی ناسینی مافی جیابوونەوەی گەلانی پێکهێنەری دەوڵەتێك یا کەمایەتی‌یەکانیان نەبوو، بەڵکوو جگە لە تێبینی‌یە ستراتیژیو سیاسی‌یەکان ئەم هەڵوێستە بەو هۆکارە عەینی‌یە پاساو درا کە فیدراسیۆنی یووگۆسلاوی ڕەوتێکی بێ‌گەڕانەوەی لەبەریەك هەڵوەشانەوەی دەست پێکردبوو. لە قۆناغی دووهەمی کێشەکەش دا واتە ئەو کاتە کە سێربەکانی بۆسنی هێرزەگۆوین و کرۆواسی ویستیان لەو دەوڵەتانە جودا ببنەوە، کۆمەڵگای نێونەتەوەیی دژایەتیی لەگەڵ کردن و ڕێککەوتننامەی "دایتۆن"یش لە ساڵی ١٩٩٦ وەها مافێکی پێنەدان. بەم جۆرە تەنیا ئەو گەلانە بە سەربەخۆیی گەیشتن کە پێشتر خاوەنی قەوارەیەکی نێوخۆیی سیاسیی پێشکەوتووتر بوون و بۆ گەل و کەمایەتی‌یەکانی دیکە مافی ئۆتۆنۆمیو پاراستنی "هویت"ی فەرهەنگی لەنەزەر گیرا. ئەو خەتە گشتی‌یەی یاسای نێونەتەوەیی دواتریش لەمەڕ کەمایەتی‌یەکانی ئورووپای ڕۆژهەڵات و ئاسیای نێوەڕاست درێژەی پێدراو ئەمڕۆش لە کۆسۆڤۆ سەرەڕای ویستی سەربەخۆیی ئاڵبانی‌یەکان کۆمەڵگای نێودەوڵەتی هەوڵ دەدا چارەسەری یەکجاریی کێشەکە بە چەشنێك بێ کە تەواوەتیی ئەرزیی یووگۆسلاوی بپارێزرێ، چونکە دەرکەوتوە کە هەر کەمایەتی‌یەك دەتوانێ کەمایەتی‌یەکی دیکە بشارێتەوەو دانی دەرفەتی گەیشتن بە سەربەخۆیی لە مەوردێکی تەریك کەوتوودا دەتوانێ ببێتە هۆی هارووژاندنی زۆر هەستی جودایی خوازی دیکە.

له راستیدا مافی نێونەتەوەیی ئەمڕۆ تێدەکۆشێ ئەو بیرە درێژە پێبدا کە مافی دیاریکردنی چارەنووس بە مانای سەربەخۆیی تەنیا جارێك بەکار دەبردرێو دواتر ئەسڵی "یووتی پۆسیدێتی" رێگا نادا سنووره نێودەوڵەتییەکان بکەونەوە ژێر پرسیار. بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە ئەمڕۆ یاسای نێونەتەوەیی هیچ پارێزگارییەکی بۆ کەمایەتییە میللییەکان لە چوارچێوەی دەوڵەتانیان دا لە نەزەر نەگرتوەو ئەوە ناگەیەنێ کە ئەو کەمایەتییانە مافی دیاریکردنی چارەنووس لە شکڵ و شێوەکانی دیکەیان دا نیە. شتێك کە لە بەشەکانی داهاتووی باسەکەمان دا دەکەوێتە بەر لێکۆڵینەوە.